دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی قورەیش

**سوورەی قورەیش لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ۴ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

(سزادانی خاوەنی فیل) لەبەر یەکگرتن و پێکەوەمانی قورەیش بوو ﴿١﴾ خۆ پێکەوە گرتنی ئەوانە لە کۆچکردنیان بەرەو زۆزان و گەرمیان (خۆی نیشانداوە؛ لە ساڵانە دوو جار ئەنجام دراوە) ﴿٢﴾ جا (بە شوکرانەی ئەم نیعمەتە گەورە) با پەروەرێنەری ئەم ماڵە (کابە) بپەرستن ﴿٣﴾ ئەو کەسەی کە ئەوانی لە نێز و برسییەتی بێنیاز و رزگار کرد، ئەوانی دڵنیا کرد کە نەترسن ﴿۴﴾

## سوورەی ماعوون

**سوورەی ماعوون لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٧ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئاخۆ ئەو کەسەی کە رۆژی جەزای بە درۆ دەزانی دیتت ﴿١﴾ جا ئەو کەسێکە کە هەتیو بە تووڕەبوونەوە دەرئەکا ﴿٢﴾ خەڵکی بۆ خۆراکدان بە نەدار و مسکێن دنە نادا ﴿٣﴾ وای بۆ نوێژخوێنان ﴿۴﴾ ئەو کەسانەی کە لە نوێژ کردنی خۆیاندا کەمتەرخەم بوون و کەمتر هۆشیان بە نوێژیانەوە بووگە ﴿٥﴾ ئەوانەی رووبینن و ریاکارن ﴿۶﴾ دەبنە بەرگر لە باربوودان و زەبارە و یارمەتی‌دانی هەژاران و پەککەوتوو ﴿٧﴾

## سوورەی کەوسەر

**سوورەی کەوسەر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئێمە کەوسەر (قورئان، خێر و بەرەکەتی زۆر)مان بە تۆ دا ﴿١﴾ جا بۆ پەروەرێنەرت نوێژ و قوربانی بکە (انحر لە نحر: سەربرینی وشتر، رووکردنە قبیلە لە کاتی نوێژدا) ﴿٢﴾ ئەوی لێت بە ناتۆرەیە بۆخۆی وەجاخی کوێرەیە ﴿٣﴾



Dr. Saleh Ebrahimi